# سیاسەتی ڕزگاری یان سیاسەتی بەخشین؟

دەربارەی پۆڵ سیلان

**پێشڕەو محەمەد**



٨ی کانونی یەکەم، ٢٠٢١   توێژینەوە

**پوختە**

پۆڵ سیلان یەکێکە لەو شاعیر و نووسەرە دیارانەی سەدەی بیست کە زۆرترین مشتومڕی لەسەرە، زۆرترین خوێندنەوەی بۆ کراوە. جارێک لە مارتین هایدیگەر نزیک کراوەتەوە، جارێکی دیکە، وەک خاوەن سیاسەتی بەخشین لەقەڵەم دراوە؛ کە هەموو کارەساتی هۆڵۆکۆست و ئاوشڤیتزی بەخشیوە و لە فەیلەسوف و بیرمەندەکانی پشتیشی خۆش بووە بەتایبەت هایدیگەر، کە بەقووڵی لە پشتی فاشیزمی ئەڵمانییەوە

وەستابوو. لەلایەکی دیکەوە، سیلان وەک هاوڕێگا و هاوفیکری والتەر بنیامین لەقەڵەم دراوە، بەتایبەت شیعرەکەی "پۆرتبۆ-ئەڵمانی"، "ئاناباسیس"، "کریستاڵی هەناسەدان" و هتد، خودی شیعرەکانی وەک کەرەستەی "ناوەرگێڕان" لەقەڵەم دراوە و تەفسیر کراوە. من لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم سەرەتا لەسەر چەند تێمێک هەڵوەستە بکەم، لەوانە کرۆکی شیعریی سیلان و قابیلییەتی وەرگێڕان یان وەرنەگێڕان، ماتریالیزمی شیعریی سیلان، پەیوەندیی سیلان و هایدیگەر، خوێندنەوەی ئالان بادیۆ بۆ سیلان دژی هایدیگەر و هتد.

## کەس و کات: ژیانی پۆڵ سیلان

پۆڵ سیلان، ناوی ڕاستەقینەی پاوڵ ئەنتشێل بوو، لە چەرنۆڤیتزی ڕۆمانیا لە ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ لەدایک بووە. کوڕی سیلانی جووی ئەڵمانیی زمان بووە، و کە زمانەکانی ئەڵمانی، ڕۆمانی، ڕووسی و فەڕەنسییان زانیوە و سیلانیش بەم زمانانە پەروەردە بووە. تەنانەت لە عیبریش تێگەیشتووە. ناوی خێزانەکەی "ئانچل" بووە، کە پاشان گۆڕییان بە "چیلان" (لە زمانی ڕۆمانیدا و "سیلان" لە زمانی ئەڵمانیدا). باوکی پاوڵ، لیۆ، لایەنگر و هەواداری فێرکاریی زایۆنیزم بوو و پێداگریی لەسەر ئەوەش دەکرد کوڕەکەی دەبێت عیبری بخوێنێت و؛ دایکی سیلانیش، فریتزل، یەکێک بوو لە شەیدایانی ئەدەبیاتی ئەڵمانی و، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت لە ماڵەوە بە ئەڵمانی قسە بکەن. سیلان پزیشکی لە پاریس لە ١٩٣٨ خوێند، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لە دەستپێکی جەنگی جیهانیی دووەم گەڕایەوە ڕۆمانیا. خێزانەکەی گیرابوون و تەسلیمی کەمپی کاری زۆرەملێی نازییەکان کرابوون، هەر لەوێش گیانیان لە دەستدابوو؛ سیلانیش خۆی بۆ ٨ مانگ زیندانی کرابوو تا ئەو کاتەی ڕایکرد و پەیوەندیی بە سوپای سوورەوە کرد.

لە ١٩٤٥ چووە بوخارێست و بوو بە هاوڕێی نووسەرە ڕۆمانییە دیارەکانی ئەو سەردەمە. وەک خوێنەرەوە و وەرگێڕ لە چاپەمەنییەکدا دەستبەکار بوو. هەروەها دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی و وەرگێڕانەکانی بە نازناوی جۆراوجۆر. لە ١٩٤٧ نازناوی سیلانی هەڵبژارد، کە گۆڕاوی دەنگی ڕۆمانیی ئانچڵ بوو بۆ سیلانی دەنگی ئەڵمانی. بۆ ماوەیەکی کورت لە ڤییەننا ژیانی گوزەراند تا لە ١٩٤٨ لە پاریس نیشتەجێ بوو و دەستی کرد بە خوێندنی فیلۆلۆژی و ئەدەبیاتی ئەڵمانی. لە ١٩٥٠ دیپلۆمی وەرگرت و لە ١٩٥٢ هاوسەرگیریی لەگەڵ هونەرمەندی گرافیک، گیزلە دو لیسترانژە کرد. لە ساڵی ١٩٥٥ منداڵێکیان بوو و ناویان نا: ئەریک.

یەکەم کتێبی سیلان لە ساڵی ١٩٤٧دا بڵاو کراوە؛ زۆر کەم ئاوڕی لێدرایەوە. دووەم کتێبی بەناوی "خەشخاش و یادەوەری" (*Mohn und Gedaechtnis*) چاپ کرد، ئەم کتێبەیان ناوبانگێکی زۆری بۆ هێنا و ستایشێکی زۆر کرا. لەنێو گوڵچینی بەناوبانگترین

شـــیعرەکانی لەو کاتەدا، بریتییە لە کتێبی "فۆگی مەرگ" (Todesfuge). شـــیعرەکە بەم ڕستانە بەیتانە دەست پێ دەکات:

"شیری ڕەشی کازیوە،
بەڵام ئێمە
لە ئێوارانداً،
دەیخۆینەوە

لە بەیانیاندا
لە نیوەڕۆیاندا
لە شەواندا دەیخۆینەوە و دەیخۆینەوە،
لە هەوادا گۆڕێک هەڵدەکەنین،
لە هەوای تەنگدا ئارام ناگرین
ئەو پیاوەی لە ماڵەوە دەژیت لەگەڵ مارەکاندا
یاری دەکات، دەنووسێت،
دەنووسێت، کاتێک خۆرئاوا دەبێت، بە ئەڵمانی پرچی زێڕینی نێو مارگارێتە
دەنووسێت و دەچێتە دەرەوەی ماڵ
فیکە بە ڕووی ئەستێرە درەوشاوەکاندا لێ دەدات
بانگی سەگەکانی دەکات
فیکە لێ دەدات
بانگی جووەکانی دەکات
تا گۆڕێک هەڵکەنن
ئێستا فەرمانمان پێ دەکات
گۆرانی بچڕین و سەما بکەین"

هەروەها شـیعرەکە بەردەوام دەبێت و دەڕوات تا دەگاتە سـەر باسـی کەمپەکانی مەرگ لەنێو پیشەسازیی مەرگی نازییەکاندا.
لە ١٩٥٩، وەک خوێنەرەوەی زمان و ئەدەبیاتی ئەڵمانی لە ئیکواڵ نۆرمال سـۆپەریۆری زانکۆی پـاریس دادەمەزرێت، لەو پێگەیەدا دەمێنێتەوە تـا سـاتی مردنی لە ١٩٧٠دا. هەروەها تا ڕۆژی کۆچی دوایی، سەرەڕای نووسینی شیعرەکانی خۆی، وەک وەرگێڕی بەرهەمەکانی هێنری میشـاو، ئۆسـیپ ماندڵسـتام، ڕێنێ شـار، پۆڵ ڤالێری و فێرناندۆ پێسوا بەردەوام بوو. لە ١٩٧٠، سیلان خۆی دەکوژێت.

## سیلان و پرسی وەرگێڕان

بیر لەوە بکەنەوە یەکێک خۆی لە بەناوبانگترین وەرگێڕی دەقە شـیعرییەکان بێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ چەمکی وەرگێڕاندا دەکات؟ واڵتەر بنیامین، کە خۆشـــی وەرگێڕی دەقە شـــیعری و پەخشـــانییەکانی شـــارڵ بودلێر بووە بۆ زمانی ئەڵمانی، دەگات بەو دەرەنجـامەی هەموو دەقێـک لە جەوهەری خۆیـدا، هێزەکییـانە توانـای وەرگێڕانی هەڵگرتووە و بۆ ئەم مەبەســـتەش بنیامین چیتر بەســـادەیی چەمکی وەرگێڕان بەکار ناهێنێت، Übersetzung (یان بە ئینگلیزی: Translation)، بەڵکوو پاشـگری barkeit (ability) دەخاتە ســـەر چەمکی وەرگێڕان و ئەم داڕشـــتەیەی لێ بەرهەم دەهێنێت: Übersetzungbarkeit(translatability)، کە بە مانای قابیلییەت و توانای وەرگێڕانی دەق، یاخود، وەک گوتم هەموو دەقێک لەناو خودی خۆیدا توانای وەرگێڕانی هەڵگرتووە و هەر دەقێک وەرنەگێڕدرێت، دەق نییە، چونکە دەق لە زمانی دووەمدا لەدایک دەبێت. بەڵام با بپرســین، کە ســیلانیش بە هەمان شـێوەی بنیامین لەســەر وەرگێڕان و تیۆری وەرگێڕان کاری کردووە و پاشـــانیش خۆی وەک یەکێک لە خوێنەرەوەکانی بنیامین ناســراوە و شــیعری "پۆرتبۆ-ئەڵمانی" لە بەناوبانگترین دەقەکانییەتی، بۆچی هەمیشــە بەرانبەر بە چەمکی وەرگێڕان و خودی وەرگێڕانی دەق بەرەنگاری نواندووە؟

جۆن فیلســتنەری نووســەری ***پاوڵ ســیلان: شــاعیر، بەجێماو، جووە*** و لەوێدا بەوردی خاســـییەتەکانی ســـیلان هەڵدەســـەنگێنێت و بەتایبەت لەســـەر چەمکی وەرگێڕانیش دەوەستێت، بەڵام لە شیکارییەکەیدا بۆ کتێبەکە، میشایل ئەندرێ بێرنشتاین دەنووسێت: "دەبێت بڵێین قورســی و ســەختیی ڕادیکاڵی پاوڵ ســیلانی شــاعیر، بەتەواوی ناقابیلی وەرگێڕانە". ئەمەش بووەتە بۆچوونێکی باو و گشـــتی و هاوبەش و لە زۆر شـــوێندا دووبارە کراوەتەوە و لە دوو بۆ ســـێ دەیەی ڕابردوودا بەردەوام بەرهەمهێنراوەتەوە. بەتایبەت ئەم پرســە لەنێو زمانی ئینگلیزیدا ســەری هەڵداوە، نەک فەرەنســی و ئەڵمانی، چونکە ســـیلان خۆی بە هەردوو زمانەکە نووســـیویەتی. لەگەڵ ئەوەشـــدا چەندین وەرگێڕانی جیاوازی دەقەکانی سیلان لە زمانی ئینگلیزیدا هەن. ئەمە وادەکات گومانمان بۆ پێچەوانەی ئەم بۆچوونە باوانە بچێت. بۆ نموونە، مارک ئەندرســن، دەنووســێت کە شیعری سیلان "لەسەر لێواری ناقابیلییەتی وەرگێڕان وەستاوە و لە هاتن و چووندایە". ڕۆبەرت پینســـکی دەڵێـت: "زەرووڕەتی وەرگێڕان، ســـنووردارێتییە ســـەخـت و بەرتەسـکەکان" و جۆن ماکسـوێل کۆتزی پێی وایە کە "وەرگێڕانی دواتری شـیعرەکانی [سـیلان بۆ زمانی ئینگلیزی] بەگشـتی فەشـەلیان هێناوە"[1]. تەنانەت کەسـێکی وەک ژاک دێریداش لە وانە و وتارەکانیدا دەربارەی سـیلان، باسـی تارمایی ناقابیلییەتی وەرگێڕان لە شـــیعری ســـیلاندا دەکات و دەڵێت: "واپێدەچێت هەموو شـــتێک لە بنچینەدا، قابیلی وەرگێڕان بێت، جگە لە نیشـــانەی جیاوازیی نێوان زمانەکان لەنێو هەمان ڕووداوی

---

[1]Coetzee, J. M. 2001. “In the Midst of Losses.” New York Review of Books, July 5. http://www.nybooks.com/articles/archives/2001/jul/05/in-the-midst-of-losses/.

شیعریدا"[2]. بێگومان سیلان بە بەردەوامیی زمانی جۆراوجۆری لەنێو یەک تاکە شیعردا بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە شـــیعری "Schibboleth"، ئەم شـــیعرە بووە بە یەکێک لە نموونە ســـــەرەکییەکان لای دێریدا تا تیۆرەکەی دەربارەی ناقابیلییەتی وەرگێڕان لای سیلان بونیاد بنێت. بەڵام تەنانەت سەرەڕای ئەم هۆکارانەی وایکردووە شیعری سیلان بە ڕووی زمانە جیاوازەکاندا بەرەنگاری بکات لە وەرگێڕان، کەچی ناوبانگی ناقابیلییەتی وەرگێڕان لە هەمان کاتدا بووەتە هۆکارێک بۆ قبوڵکردن و پێشـــوازیکردن لە ســـیلان لەنێو جیهانی بەتایبەت ئینگلیزیزماندا. بەڵام ســـەرەڕای هەموو ئەمانە، من بە تێگەیشـتن و پشت بەستن بە بنیامین پێموایە هەم هەڵە تێگەیشتن لە سیلان هەیە و هەم کارەکانی و ئامانجەکانی وەرگێڕان. چونکە بەڕاستی سیلان لە پێناوی وەرگێڕاندا دەنووسێت.

بەگشـــتی ئەو ڕەخنەگرانەی کارەکان و شـــیعرەکانی ســـیلان وەک ناقابیلی وەرگێڕان وەسف دەکەن بە شێوەیەکی دووبارە تەنها یەک یان دوو ئەرگومێنت بۆ پشتیوانیکردن لە ڕوانگەکانیان دەهێننەوە. یەکەم بریتییە لە دەســـتنیشـــانکردنی کارە ســـەرەکییەکانی ســـیلان وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ماوەدرێژ لەگەڵ خودی زمانی ئەڵمانیدا –ئەمەش بەگوێرەی خوێندنەوەکەی دێریدا کە ئەڵمانی ***هەمیشـــە*** "نیشـــانەی جیاوازی" ناقابیلییەتی وەرگێڕان لە شیعری سیلاندا دەخاتە ڕوو. دووەم بریتییە لە پیشاندانی شیعری دواتری ســـیلان وەک بە شـــێوەیەکی ڕوولەهەڵکشـــان هێرمســـیی، پڕ لە ســـەرچاوە کەســـییە ناڕوونەکان و بە شـیوەیەکی فراوان وادەکات خوێنەرانی دەرەوەی ئەو زمانە دەسـتیان پێی نەگات. ســـەرەڕای ئەوە، هیچ یەکێک لەم ئاراســـتە ڕەخنەییانە بناغە و هۆکارێکی گونجاو ســـەبارەت بە بانگەشـــەی ناقابیلییەتی وەرگێڕان بەدەســـتەوە نادەن کە بەشـــێوەیەکی بەردەوام بۆ پشـــتیوانی لە ڕوانگەکـانی خۆیـان بەکـاریـان هێنـاوە. بەپێچەوانەوە، ئەو شـــیعرییەتەی ســـیلان دواتر گەشـــەی پێداوە، بناغەیەکی گونجاو بۆ ئاراستەی وەرگێڕان بەدەستەوە دەدات کە تیایدا سەختێتی، ڕێگا بۆ دیالۆگ و مشتومڕ خۆش دەکات. بە وردبوونەوە لە کارەکەی ســیلان، دەتوانین بڵێین شـیعرەکانی دواتری ئەو دەکرێت بە شـــێوەیەکی هێرمســـییانە بەرانبەر بە خوێنەرانی دەرەوە بەرەنگاری دەکەن، بەڵام بە شـــێوەیەکی ڕادیکاڵ کراوەن بە ڕووی خوێنەری نـازمـانی یەکەمـدا، بانگهێشتی وەرگێڕانەکان دەکەن تا ببینن کە چەندە هەڵگری ڕەهەندی جیاواز و کراوەن. بەڵام شیعرییەتە دیالۆگییەکانی وەرگێڕان و نموونەش لێرەدا شیعری "لە تاریکییەوە بۆ تاریکی"یە[3].

تۆ چاوەکانت کردەوە – من تاریکایەتیم دەبینم دەژیت
من دەیبینم لەسەر زەوییەکە:

---

[2]Derrida, Jacques. 2005. Sovereignties in Question: The Poetics of Paul Celan. Translated byThomas Dutoit, Outi Pasanen, Philippe Romanski and Joshua Wilner. Edited by ThomasDutoit and Outi Pasanen. New York: Fordham University Press, p.21.

[3]"Von Dunkel zu Dunkel" – "From Darkness to Darkness"

بەڵێ لەوێش ئەوە منم و دەژیت.
ئایا ئەمە گوێزەرەوەیەکە؟ کە دەگوازێتەوە [دەپەڕێنێتەوە]، ڕادەبێت؟
کە ڕۆشنایی بەشوێن پێکانمدا دێت،
تا کەشتییەوانێک[4] دەرکەوێت؟

Von Dunkel zu Dunkel
Du schlugst die Augen auf – ich seh mein Dunkel leben.
Ich seh ihm auf den Grund:
Auch da ists mein und lebt.
Setzt solches über? Und erwacht dabei?
Wes Licht folgt auf dem Fuß mir,
daß sich ein Ferge fand?

شیعرەکە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەنێوان دوو کەسدا دەخاتە ڕوو -"من"ێک و "تۆ"یەک– و تیایدا هەمان ئەگەر و توانای تێگەیشتنی هاوبەش لە پرسیارەکە هەیە. قسەکەر لە سەرەتادا تاریکایەتی خۆی لە چاوانی ئەوی دیکەوە دەبینێت؛ بەڵام بەندی دووەم خۆی لەم خۆناساندنە کاتی و زووتێپەڕە جیا دەکاتەوە. بڕگەی " Setzt solches über? Und erwacht dabei?"وەک پرسیارێک دەردەکەوێت کە ئایا لە ڕاستیدا دەکرێت ئەم تاریکاییە لەکوێوە بەسەر شاعیردا ببارێت یان بپەڕێتەوە، ئایا دەکرێت ئەم تاریکاییە هاوبەش بکرێت یاخود بەتەنها هەڵبگیرێت.
بەڵام ڕستەی "Setzt solches über?"ی ئەڵمانی گەلێک تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێت. ئەگەرچی چاوگی "übersetzen" بە مانای "پەڕینەوە لەمبەر ڕووبار بۆ ئەوبەر" دێت، لە هەمان کاتدا "übersetzen" بە مانای "وەرگێڕان"یش دێت[5]. لە سیاقی شیعرەکەدا، ئەم بڕگەی دووەمە پێشنیاری مانایەک دەکات ئامرازی گواستنەوەکە خۆی دەبێتە پرسێکی فرمانی، و قسەکەر بۆ زمان دەگەڕێت کە تیایدا دەکرێت تاریکایی هەڵبگیرێت و باربکرێت. بۆ وەرگێڕان، تەحەدای ئەم پەرەگرافە ئەوەیە دەستەواژەیەکی تاقانە بدۆزیتەوە کە لە زمانی مەبەستدا (زمانی بۆ وەرگێڕدراو) هەردوو ماناکە پێشنیار بکات لەیەک کاتدا: "ئایا ئەمە دەگوازێتەوە یان دەگوازرێتەوە؟" من پێم وایە لە زمانی

---

[4] لێرەدا کەشتییەوان دەکرێت تەعبیر بێت بۆ خودی کەسی وەرگێڕ، کە دواتر زیاتر ڕوون دەبێتەوە.
[5] پێویستە لێرەدا ئاگاداری ئەوە بین کە "übersetzen" (وەرگێڕان) فرمانێکی لێکدابڕاو یان جیاکراوە نییە، بەڵام هەمان "übersetzen" (پەڕینەوە یان گواستنەوە) فرمانێکی جیاکراوە و لێکدابڕاوە ئەمەش لە ئەڵمانیدا پێیدەگوترێت، (trennbare verben) و فرمانی لێکجیانەکراوەش پێی دەگوترێت (untrennbare verben) واتا ئەو فرمانانەی لەیەکتر جیا ناکرێنەوە، وەك "ئوبەرزێتسن" (وەرگێڕان)، یان فرمانی جیاکراوە "زێتزت زۆلشەس ئوبەر" (پەڕینەوە بەکام لادا). بۆ نموونە، فرمانێکی دیکەی لێکجیاکراوە لە زمانی ئەڵمانیدا، anrufen، (تەلەفونکردن)، کاتێك من تەلەفون بۆ کەسی دووەمی تاك دەکەم ئاوای لێدێت: "Ich rufe dich an" (من تەلەفونت بۆ دەکەم). فرمانی تەلەفونکردن لە کوردیشدا جیا دەکرێتەوە، "تەلەفون+کردن" (تەلەفونت بۆ دەکەم). فۆرمی فرمانی جیاکراوەی "setzt… über" بەحەرفیی بە مانای "پەڕینەوە یان پەڕاندنەوە بە[بۆ نموونە قەیاغ]" دێت، و وەرگێڕانێکی دروستە لەم سیاقەدا. بەڵام هەروەك ژاك دێریدا تێبینیی کردووە ئەمە هەروەها بەشێوەیەك کە ناکرێت هەڵەی تیادا بکرێت بەسەر "übersetzen"یشدا پیادە دەبێت. لە زۆر شیعری دیکەی سیلاندا ئەم دووانە مانابیانە دروست دەبن و ڕوو دەدەن.

کوردیدا دەکرێت ئەم مـانـایە هەڵبگرێت: گواســـتنەوە (transition) هەم بە مـانـای گواستنەوەی شتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هەم بە مانای گواستنەوەی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دێت. ئەگەرچی مایکڵ هامبۆرگەری وەرگێڕ و لێکۆڵەری دیاری پاوڵ سـیلان لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەم بڕگەیە پێشـنیاری " Is that a ferry? Which, crossing, awakens?"ی کردووە، بەڵام ئەگەر بکرێت بەســـانایی ئەم بڕگەیە پێشـــنیار بکرێت لەوانەیە لەم قەیرانە ڕزگارمان ببێت: " Does this carry over?" کە بە مـانـای گواســـتنەوە یـان هەڵگرتن دێت. بۆ نموونە "خەونەکان بەرەو بەدیهاتن دەچن یان دەگوازنەوە" (dreams carry over into reality). پێم وایە بەم جۆرە ســـتراتیژییەتێکی باشـــمان دەســـتگیر دەبێت. ئەگەر جارێکی دیکە ئەم بڕگەیە دابنێینەوە: "?Setzt solches über" و بە حەرفی وەربیبگێڕین "ئایا شـتێکی ئاوا هیچ شـتێک دەپەڕێنێتەوە یان دەگوازێتەوە؟" بەڵام لە وەرگێڕانەکەی هامبۆرگەردا (کە منیش پشتم پێبەستووە) بەسـانایی ئاوای لێهاتووە: "?Is that a ferry" (ئایا ئەمە قەیاغێکە؟) کە ڕاستەوخۆ بابەتێکی بەرجەستەیی و فیزیکی بە شێوەیەکی کۆنکریتی و دیار پیشـان دەدات. ئەگەر بەم جۆرە سـتراتیژییە بڕۆینە پێشـــەوە بۆ چارەســـەرکردنی پرســـی ئەو تەحەدایەی پۆڵ ســـیلان دەیخاتە بەردەمی خوێنەر و وەرگێڕەکانەوە، ئەوا ئەوەی لەو نێوەدا لەدەستماند دەچێت، خودی وەرگێڕان خۆیەتی.

کەواتە بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی باشـــتر لە فرمانی لێکجیاکراوەی "übersetzen"ی ناو شیعرەکە تێبگەین، کە هامبۆرگەر بە قەیاغ یان ئامراز و بەلەمێکی گواسـتنەوەی ئەم بەری ڕووبـار بۆ ئەو بەری ڕووبـار جێگـای بۆ کردۆتەوە، ئێمە بێین و لەنـاو چەمکی "وەرگێڕان"دا دەرکی بکەین، بەڵام هاوکات ئاگاشـــمان لە حاڵەتی فرمانە لێکجیاکراوەکە بێت، ئەوا دەتوانین بەسـانایی وەک گواسـتنەوە لەقەڵەمی بدەین و ئەوسـا دەتوانین بڵێین کە لە گفتوگۆی ناو شـیعرەکە تێگەیشـتووین ئەویش ئەرکێکی هەیە: ئەرکی گواسـتنەوە، ئەرکی وەرگێڕان. ئەوســـا دەتوانین ئەم بۆچوونەی والتەر بنیامین بەهەند وەربگرین و بەســـەر پۆڵ ســـیلاندا پیادەی بکەین کە دەڵێت: "قابیلییەتی وەرگێڕانی دەق تایبەتمەندیی جەوهەریی بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانە، ئەمەش بەو مانایە نایەت بڵێین جەوهەری ئەو دەقانە ئەوەیە کە دەبێت وەربگێڕدرێن؛ بەڵکو بەمانای ئەوە دێت کە ئەو ئاماژە تایبەتەی لەناو دەقی ســـەرەکیدا هەیە خۆی لەنێو قابیلییەتی وەرگێڕانی خۆیدا ئاشـــکرا دەکات". کەواتە دەق بۆ ئەوە دەنووســـرێت، وەربگێڕدرێت تا لە زمانی دووەمدا لەدایک ببێتەوە. سـیلانیش ناڕاسـتەوخۆ، تەنانەت دەکرێت ڕاسـتەوخۆش، ئاماژەی بەوە کردووە و بانگی کردووین کە وەرن وەرمبگێڕن یـاخود بمگوازنەوە. ئەم مـامەڵەیەش کـاتێـک ڕوونتر دەبێتەوە، کە بگەڕێینەوە بۆ مـامەڵەی پۆڵ ســـیلان خۆی لەگەڵ شـــیعری ئۆســـیپ ماندلشـــتامدا کە وەریگێڕاون بۆ زمانی فەڕەنســـی و ئەڵمانی. بۆیە با ئەم پرســـیارە بەتـایبەت لە ژاک دێریـدا بکەین (یەکێـک لە گەورەترین و دیـارترین تیۆریزەکەرانی

ناقابیلییەتی وەرگێڕانی پۆڵ سیلان)، کە ئایا چۆن دەکرێت کەسێک خۆی بانگمان بکات بۆ وەرگێڕان و خۆشی وەرگێڕ بێت، بەڵام ناقابیلی وەرگێڕان بێت؟
لێرەدا دەرفەتی ئەوەم نییە هەم هەڵوەستە لەسەر ژاک دێریدا بکەم و هەمیش لێکۆڵینەوە لە پێشنیارەکانی مایکڵ هامبۆرگەر بکەم. بۆیە من لێرەدا دەگوازمەوە بۆ چەند پرسێکی دیکەی ناو شیعر و ئەدەبیاتی سیلان، کە ڕاستەوخۆ شیعر بە سیاسەت و سیاسەتیش بە سیاسەتی ڕزگارییەوە دەبەستێتەوە. هەوڵ دەدەم دوو تێما و ناوەڕۆکی دیکە بخەمە ڕوو، پەیوەندیی ماتریالیزمی مێژوویی والتەر بنیامین بە سیلانەوە و سیلان و خوێندنەوەی بنیامین و هەروەها ئایا ئاراستەی سیلان بەرانبەر بە هایدیگەر چۆن بووە.
بۆ ئەم مەبەستەش لەم بەشەدا پشت بە تەحەداکانی ئالان بادیۆ دەبەستم بەتایبەت لە کتێبی "سەدە"دا.

## تۆتناوبێرگ یان سیاسەتی بەخشین؟

### دەربارەی پەیوەندیی پۆڵ سیلان و مارتین هایدیگەر

تۆتناوبێرگ (Todtnauberg) ناونیشانی شیعرێکی پاوڵ سیلانە، ئەویش حەفتەیەک دوای سەردانەکەی سیلان بۆ لای هایدیگەر ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٦٧، ئەم شیعرەی نووسیوە. ناونیشانەکە ئێستا ناوی شارۆچکەیەکی ئەڵمانیشە. ئەم ناونیشانە لە دوو برگە پێکهاتووە کە هەم لە شیعری سیلان و هەم لە فەلسەفەی هایدیگەردا گرنگییان هەیە: "بێرگ" (Berg) واتا "شاخ یان چیا"، و "تۆت" (todt) واتا "مەرگ". شاعیرەکە و فەیلەسوفەکە بەناو دارستانەکەدا پیاسەیەکیان کردووە، دیار نییە لە ساتی پیاسەکردندا باسی چییان کردووە. ئایا چی ڕوویداوە لەنێوان شاعیرێک کە یەکێک بووە لە بەجێماوانی هۆڵۆکۆست و فەیلەسوفێک کە لە بەناوبانگترین هەوادارانی نازیزم بوو؟ زۆر کەس سەردانەکەی سیلان بۆ لای هایدیگەر، وەک سیاسەتی بەخشین دەخوێننەوە، واتا سیلان سەرەڕای سەرجەمی بنەماڵەکەی، هەرچی جووی ئەورووپایە لە کەمپی نازییەکاندا لەناوبران و خۆشی ڕاکردوو و بەجێماوی هۆڵۆکۆست بووە، چۆن لە فەیلەسوفێک خۆش بووە کە لایەنگری ئەم تاوانە بووە و ئەندامی نازییەکانیش بووە؟ لە کاتێکدا هایدیگەر هەتا مردنیش داوای لێبوردنی نەکرد و نەیگوت ئەوەی نازییەکان کردوویانە دژی مرۆڤایەتی بووە؟ بەکورتی هەرگیز باسی جینۆسایدی جووی بە دەستی نازییەکان نەکردووە. هەرگیز دژی کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی ئەڵمانی نەوەستاوە و قسەی لەسەر نەکردووە و بەپێچەوانەوە، بیرکردنەوەی ڕاسیستی دژی مرۆڤایەتی، بەشێک لە فەلسەفەکەی پێکهێناوە.
من لەم بەشەدا، ئەم بۆچوونانە ڕەت دەکەمەوە کە پێیان وایە سیلان سازشی بۆ هایدیگەر کردووە و شیعرەکانی هەڵگری سیاسەتی بەخشین و هاوسۆزی بووە. لەم بەشەشدا، پشت بە فەیلەسوفێکی وەک ئالان بادیۆ دەبەستم بەتایبەت لە وتاری "ئاناباسیس"ی کتێبی "سەدە"دا کە لەم ڕێگایەوە پەلاماری هایدیگەر دەدات.

"چیاکانی مەرگ"
ئارنیکا، درەخشان،
وەرگیراو و نووسراو بەدروستی
بە ئەستێرەی مردوو لەسەرەوە،
لەنێو
کوخەکەدا،

نووسراو لە کتێبی میوانیدا
- ناوی کێ پێشتر تۆمار کرابوو
پێش ناوی من؟ -
لەم کتێبە
دێڕەکە دەربارەی
هیوایەک، ئەمڕۆ،
بۆ وشەیەکی
بیرمەندێک
کە دێت
لە دڵەوە.

چیمەنی دارستان، تەنانەت ڕێکنەخراو،
فریز و گیا و فریز و گیا، بەتەنها
ئاڵوگۆڕە پێنەگەییوەکان، پاشان، کەنێک ڕۆیشتن،
بەڕوونی،
ئەوەی ئێمەی پاڵ دەنا
مێنش (خەڵک)،
ئەویش گوێی لەوە دەبێت،
نیوە
هەنگاو بەسەر
زەوی بەپیتدا
شێداریی/
زۆر.

سـیلان بۆچی سـەردانی هایدیگەری کرد؟ هەندێک دەڵێن لەبەر ئەوەی شـاعیرەکە ستایشـی فەلسـەفەی هایدیگەری کردووە و بە هۆی ئەوەی چێژی لە پەیوەندیی فیکریی

بە بیرمەنـدەکەوە بینیوە بۆیە چووەتە دیـداری ئەو. زۆربەی ئەمـانەی خـاوەن ئەم بۆچوونانەن، ئەم ڕستەیەی سیلان لە شیعرەکەدا دەهێننەوە کە دەڵێت:

"لە کتێبی میوانیدا
ناوی کێ پێشتر
تۆمار کرابوو
پێش ناوی من".

هەندێکی دیکە دەڵێن سیلان باسی جینۆسایدی جووەکانی بۆ هایدیگەر کردووە. لە کاتی گەڕانەوەدا، لەنێو سـەیارەکە، دەنگێکی نامۆ دەبیسـترێت، کە سـیلان وشـەیەک بەکار دەهێنێت و لە ئەڵمانیدا باو نییە و شـاعیر فزوڵیی ئەوەی بۆ دروسـت دەبێت ئایا شـۆفێرەکەش بیسـتوویەتی یان نا. شـیعرەکە ئاوا کۆتایی پێدێت: "شـێداری/زۆر". فیلیپ لاکو-لابارت ئاماژەی بەوە کردووە کە "ئەمە شـیعری نائومێدییە؛ بە ڕاسـتی، بەم جۆرەیە، نائومێدبوون لە شـیعر پێشـان دەدات". ئەمەش نزیک لەو دێڕە بەناوبانگەی ئادۆرنۆیە کە دەڵێت: "بە ڕاستی شیعری لیریک دوای ئاوشڤیتز بێ مانایە". ئایا بەڕاست سـیلان کەیسـی هۆلۆکۆسـتی لەگەڵ هایدیگەردا باس کردووە یان نا؟ ئەگەر سـەیرێکی شـیعرەکە بکەین بەئاسـانیی تێدەگەین، سـیلان ڕەنگە باسـی هۆلۆکۆسـتی کردبێت، بەڵام هـایدیگەر بێدەنگی هەڵبژاردووە و مۆریس بلانشـۆش لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەڵەی قەرەبوونەکراوەی هایدیگەر بێدەنگییەتی بەرانبەر بە 'چارەسـەری کۆتایی' [لەناوبردنی جووەکان]. ئەم بێدەنگییە، ئەویش کاتێک سیلان ئاماژەی پێکردووە، یان خۆبەدوورگرتنی هایدیگەر لەوەی داوای بەخشـین لە شـتێک بکات کە قابیلی بەخشـین نەبووە، مانای ئەو ڕەتکردنەوە و ئینکـارکردنەی بەخشـیوە کە سـیلانی نوقمی نـائومێدی کردووە و بارودۆخیشـی شـێواندووە، چونکە سـیلان دەیزانی 'شـۆوا' [هۆلۆکۆسـت] دەرکەوتەی جەوهەری خۆراوا و ئاشکرابوونی ئەو جەوهەرە بوو".

## ئالان بادیۆ و هایدیگەر: پۆڵ سیلان

ئالان بادیۆی فەیلەسـوفی چەپی ڕادیکاڵی فەرەنسـی، لە کتێبەکەیدا بەناوی "سـەدە" (٢٠٠٥/٢٠٠٧)ـەوە کە شیکاری بۆ شیعری سیلان و شیعری سان ژۆن پێرسی دەکات، لەو کتێبەدا نیشانەیەکی سەرەکیی بە ئامانج دەگرێت تا تیرەکانی خۆی تێبگرێت: مارتین هایدیگەر. بادیۆ لەم ڕێگایەوە و لە ڕێگای شـیعری سـیلانەوە دەیەوێت دژی جووڵەی "ماڵ/نیشتمان" (Heimat) بووەستێتەوە کە لە خوێندنەوە بەناوبانگەکەی هایدیگەردا بۆ شـیعرەکانی هۆڵدەرلین دەبینرێنەوە. لێرەشـەوە دەتوانین خۆمان لەو بۆچوونانە ڕزگار بکەین کە پێیان وایە سیلان ستایشی فەلسـەفەی هایدیگەری کردووە، بەپێچەوانەوە بۆ بادیۆ، شـیعری سـیلان دابڕانێکی ڕادیکاڵە لەو دیدگایانەی لەسـەر ئەم پرسـە هەن.

هایدیگەر لە شـــیکاریی هۆڵدەرلیندا چەمکی یۆنانیی "ئاناباســـیس"ی زەینەفون وەک گەڕانەوە بۆ ماڵ وەردەگێڕێت و هەمووشـــمان دەزانین چەمکی "ماڵ" یان "نیشـــتمان" (Heimat) پێگەیەکی ســـەنتراڵی لە فەلســـەفەی ئەو فەیلەســـوفەدا هەیە. ***دەفتەرە ڕەشـــەکانی*** هایدیگەر (٣٤ دەفتەر کە لەنێوان ســـاڵانی ١٩٣١ تا ١٩٧٦ نووســـراون) گەواهین لەسەر دیدگای نەژادپەرستانە و ڕاسیستانەی فەیلەسوفەکە بەرانبەر بە جوو و تەنانەت ڕەوایەتیی تەواو ئایدیۆلۆژییش دەهێنێـــــوە. لە بەرهەمەکانی هایدیگەردا، دەتوانین بە بەردەوامیی چەمکەکانی "ماڵ" و "نیشـــتمان" بدۆزینەوە. ئەم چەمکە لە ڕوانگەی فەلســـەفییەوە باس لە "ڕیشـــەداربوون لەنێو شـــوێن"دا دەکات؛ و بەڵام لە مانا سیاسییەکەیدا جۆرێکی ناسیۆنالیزمی پریمیتیڤ و سەرەتاییە. هایدیگەر باسی لە "خاک و خوێن" دەکرد، کە بەتەواوی لەگەڵ پروپاگەندە ســـیاســـییەکەی نازییەکاندا دەهاتەوە. بۆیە هایدیگەر تەنانەت دەیگوت "ئاژەڵانیش ڕاستە بێ زمانن بەڵام بێ شوێن و بێ ماڵ نین"، بەڵام جووەکان "بێ دونیا و بێ ماڵ و بێ شـــوێنن". دەیگوت "دونیای ئاژەڵان کەمترە"، بەڵام لەبەرانبەردا "جووەکـان هەرگیز لە دونیـادا نەبوون، هەرگیز هیچ شـــوێنێکیان نەبووە". لە کتێبی ***بوون و کات***دا باس لە نموونەی بەرد دەکرێت وەک شـــتگەلێک کە "دونیا"ی نییە. بەڵام بەرد ئەگەر بێ دونیا و بێ شـــوێنیش بێت، ناتوانێت هەڕەشە بێت بۆ سەر شارستانێتی و کۆمەڵگا، بەڵام جووەکان هەڕەشەن.

لە کتێبی "***سەدە***"دا ئالان بادیۆ شیعری "ئاناباسیس"ی سیلان بە وەرگێڕانی ئینگلیزیی مـایکـڵ هـامبۆرگەر دەخوێنێتەوە. "ئـانـابـاســـیس" لای بـادیۆ گرنگییەکی بنچینەیی ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵەکردن ئاشکرا دەکات کە دەبێت چۆن ئێمە لەهەر جوڵەیەکی هەوڵ و گەڕانی ســـوبژێکت تێبگەین بۆ زاڵبوون بەســـەر ئەو خراپە هاوبەشـــانەی لەناوەوەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" سەپێنراوە.

هەروەک هەمووان دەزانن "ئاناباســـیس" هەم ناوی کتێبێکە لە نووســـینی زەینەفونی مێژوونووس، ئەدیب، نووســـەر و فەیلەســـوفی ئەســـینایی و هەم ڕابەرایەتیکردنی گەڕاندنەوەی لەشکری ١٠ هەزار سەربازی یۆنانییە بۆ ناو خاکی ئەسینا بە ڕابەرایەتیی زەینەفون. لای هایدیگەر ئاناباســـیس دەگۆڕێت بۆ "گەڕانەوە بۆ ماڵ" لە تەفســـیری هۆڵدەرلیندا و مـانـای زیـاتری "بوون بە ئەڵمـانی"، "خزمەتکردن بۆ بوون بە ئەڵمـانی" دەگەیەنێت. بەکورتی: "گەڕانەوە بۆ ماڵ بریتییە لە بەدیهێنانی نیشـــتمانی ئەڵمانی". بەڵام لای سیلان "ئاناباسیس" دەبێتە جووڵەی "بەرەو ماڵ"ی ئەو کەسانەی ماڵیان لەدەستداوە، خراونەتە دەرەوەی شوێن و یاساوە.

شیعری ***ئاناباسیس***

ئەمە

نیشانەی بچووکی نێوان دیوارەکان

حەقیقەتی ناهەموار و ناتێپەڕ

بەرەو سەر و گەڕانەوە
بۆ داهاتووی هاوشێوەی دڵ ڕۆشن
لەوێیە
مشکەکوێرەی هیجا و بڕگە
ڕەنگەکانی دەریا، دوور
بەرەو شوێنی ناقابیلی کەشتیوانی
پاشان:
سەرئاوکەوتووەکان،
تەختەکانی سەرئاوکەوتووە خەمبارەکان،
لەگەڵ ئەوانەی
بەئاسوودەیی هەناسە دەدەن، باز دەدەن و
بە حەز و خۆشییەوە بۆ ساتێک تەنها-: دەنگدانەوەی زەنگۆڵەی ڕۆشنایی
(***دوم- دون- ئون-***
***ئەندی سوسپیرات***
***کۆر***)،
ئازاد بوو،
ڕزگار بوو،
ئێمە.
شتی بینراو، شتی بیستراو،
وشەی ناو چادر:
ئازادیی ڕوولەگەشە:
بەیەکەوە*[٦].

[6]ANABASIS
Dieses
schmal zwishhen Mauren geschriebne
unwegsam-wahre
Hinauf und Züruck
in die herzhelle Zukunft.
Dort.
Silbenmole,
meerfarben,
weit
ins Unbefahrne hinaus.
Dann:
Bojen-,
Kummerbojen-Spalier
mit den
sekundenschön hüpfenden

وەک ئالان بادیۆ باسـی دەکات لێرەدا سـێ پێکهێنەری ناوەکیی ئاناباسـیسـی زەینەفون هەن– "دووبارە هەڵزنان بەرەو سـەرچاوە"، "باڵەخانەی سـەخت و دژواری تازەیی" و "ئەزموونی دوورخراوەی دەسـتپێکردن" - لەنێو شـیعرەکەی سـیلانیشـدا دووبارە بوونەتەوە، و هاوکات بوونەتە "سێ پەیوەندیی شلۆق و بەنزیکەیی ناقابیلی بەرگەگرتن: نیشانەی بەرتەسک، حەقیقەتی ناقابیلی تێپەڕین، داهاتووی هاوشێوەی دڵ ڕۆشن". ئەم سـێ پەیوەندییانە بەیەکەوە بریتیین لە "هەڵکشـان بەرەو سـەرەوە و گەڕانەوە"، واتا جوڵەی ئاناباسـیسـی سـیلان. کارکردنە ناوەکییەکانی گرنگیی ئەم یەکەم خولانەوەیە زیاتر سـروشـتی دەقیق و وردبینیی ئەم "پەیوەندییانە" ئاشـکرا دەکات. شـیعرەکە بە وشـەی "ئەمە" (Dieses) دەسـت پێ دەکات (this) "ئەمە، لێرە و ئێسـتا". مایکڵ هامبۆرگەری وەرگێڕی شیعرەکە بۆ زمانی ئینگلیزی بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی خودی شـیعرەکە، دەیخاتە ڕیزی "نیشـانەی بەرتەسـک"، بەڵام دەقە ئەڵمانییەکە نەرمییەکی حەرفییانەی زیاتری وەک "بەرتەسـکی نووسـراوی نێوان دیوارەکان" پیشـان دەدات. زمانی شـیعرەکە پوخت دەبێتەوە بۆ نێو "نیشـانە"یەکی تاقانە کە بەو دیوارانەی دەوری گرتوون، ڕێگای لێگیراوە و بەربەسـتی بۆ دروسـتکراوە. وشـەی ئەڵمانیی Zwischen بەگشـتی بە مـانـای "نێوان" (between) دێـت و وەردەگێڕدرێـت، بەڵام هەروەهـا پاشـگرەکانی Zwischenruf و (interruption)Zwischenbemerkung بە مانای "دابڕان، هەڵپەسـاردن" دێت، ئەمەش مانای خۆی لە ئینگلیزیدا لەدەسـتداوە کە دەتوانین لەم لەدەسـتچوونە تێبگەین. نیشـانەی بەرتەسـک و تەنگەبەر، بەڕواڵەت وشـەیەکی سـەپێنراو و داتاشـراوە، خودی وشـەکە هەرچۆنێک بێت دابڕان و هەڵواسـینێک بۆ سـنووردارێتیی دیوارە داسـەپێنراوەکان بەدەسـتەوە دەدات و لەگەڵ خۆیدا ڕێگا بەرەو "داهاتووی هاوشێوەی دڵ ڕۆشن" دەگرێتە بەر.

ئەم یەکەم وەرچەرخانە بەسـتراوەتەوە بە دروسـتکردنی وشـەیەک لەسـەر *weg* (وشـەیەکی ئەڵمانی کە بە مانای ڕێگا دێت). *Unwegsam* مانای "ناهەموار" لە زمانی کوردیدا بە زەینمـانـدا دەهێنێت یـاخود وشـەی "rough" لە زمـانی ئینگلیزیدا. بەڵام

Atemreflexen-: Leuchtglockento
¨ne (dum-,
dun-, un-,
unde suspirat
cor),
aus gelöst,
eingelöst, unser.
Sichtbares, Hörbares, das
freiwerdende
Zeltwort:
Mitsammen.

وەرگێڕی ئینگلیزی، هامبۆرگەر، زیت و وریا و وشیارە لە مامەڵەکردن لەگەڵ وشەی *weg* لە پێکهاتە و دروستکراوی "*unweg*"دا، تەفسیرکردن و تێگەیشتن لە *unwegsam-wahre* وەک شتێکی هاوشێوەی "حەقیقەتی ناهەموار و ناتێپەڕ"، و وەرگێڕانەکەی بۆ "حەقیقەتی ناقابیلی تێپەڕکردن" (impassable-true) [یاخود حەقیقەت کە نابڕدرێت]. بێگومان، لە ئەڵمانیدا، ئەو ڕاستییەی هەر ڕێگایەک لە شیعردا لە یاریی وشەکاندا تاریک و ناڕوون دەبێت، بانگمان دەکات بۆ بیرکردنەوە لە سەختیی ڕێگا، واتا ئەو ڕاستییەی کە ڕەوت و ڕۆیشتن لەڕێگای ئاناباسیسەوە دەبێت بگیرێتەبەر، بەئێمە نەبەخشراوە و پێمان نەدراوە. زمان لەنێوان دیوارەکانی ناقابیلی تێپەڕکردن و دیوارە سەختەکاندا سەپێنراوە، ئەمەش ڕاستە، بەڵام ڕێگای ناهەمواری داسەپاو بە هۆی شوا [ئاوشڤیتز]یشەوە بوونی هەیە؛ زمان تەنها ئامرازی بەردەوامبوونە، بەڵام دەبێت ببێتە زمانێکی بەرەنگارئاسا، "نیشانەیەکی بەرتەنگ".

بادیۆ لە کتێبی ***سەدە***دا خوێندنەوەکەی بۆ شیعری "ئاناباسیس" لە ڕێگای لابردنی پرسیارەکانی دیکە لە سنوورەکانی دەستەجەمعییەت، لە دیالەکتیکی "من" و "ئێمە"وە دەست پێ دەکات. بادیۆ دەڵێت:

"بۆ سەرجەمی دەستەی بیرمەندان، بەتایبەت لە سەردەمی بیرکردنەوەی فاشیزمدا (و بەبێ هەڵاواردنی هایدیگەر)، "پیاوی نوێ" بەشێکە لە گەڕاندنەوەی پیاوی کۆن، ئەو پیاوەی کە دیار نەمابوو، بزر ببوو، گەندەڵ ببوو. لە ڕاستیدا پاڵاوتن و پاقژکردنەوە کەم و زۆر پرۆسەی توندوتیژئاسای گەڕانەوەی ڕیشە و سەرچاوەی لەڕیشەهەڵکێشراوە. شتی نوێ بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕەسەنێتی. لە شێکاری کۆتاییدا، ئەرکی سەدەکە بریتییە لە بینینی ئێرە وەک دووبارە دامەزراندنەوە و گەڕاندنەوە(ی سەرچاوە) لە ڕێگای وێرانکاریی (ناڕەسەنێتییەوە)".

لەژێر نیشانەی "ئاناباسیس"دا بادیۆ سەرچاوەکانی بیرکردنەوە لە ڕێگای دروستکردن دەبینێتەوە، دوای جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵەکردنێکی سوبژێکتی زووتێپەڕی نادڵنیای خود دەبێتەوە – "ئێمە"یەک کە نایەوێت ببێت بە سوبژێکت. دیارە شیعرەکەی سیلان وەڵامێکە بۆ دینامیکییەتی ئەو ناساندنەی لە خوێندنەوەی هایدیگەردا بۆ شیعری هۆڵدەرلین دەبینرێت، کە ئەم شیعرەی سیلانیش گەلێک ڕەگەز و سەرچاوە بۆ فەلسەفەی بادیۆ دابین دەکات. دیارە بە پشت بەستن بە فەلسەفەی بادیۆ دەبێت لەوە تێبگەین کە لەنێو توندوتیژیی سەدەی بیستدا، سوبژێکت چیتر نابێت بە چەمک و زاراوەکانی هاوشوناسیکردن بیری لێبکرێتەوە بەڵکوو دەبێت وەک ڕووداو ببینرێت. کەواتە ئەو پرۆسەیەی ڕێنمایی دروستبوونی سوبژێکت دەکات دژی هاوشوناسیکردن و یەکخستن و وەک یەک لێکردن دەوەستێتەوە. ئەم چەمکە یەکێکە لە چەمک و زاراوە سەرەکییەکانی هایدیگەر لە شیکردنەوەی هۆڵدەرلیندا، کە سیلان دژی دەوەستێتەوە و وەک یەک لێکردن وەک شوا [ئاوشڤیتز] دەبینێت.

بۆیە وزە و هێزی هاوچەرخانەی "ئاناباسیس"ی سیلان بۆ ئالان بادیۆ، هەم لە ڕەتکردنەوەی هایدیگەرەوە سەرچاوە دەگرێت و هەم بەدەستەوەدانی سوبژێکتێکی نوێی بەرەنگاری. سوبژێکتی نوێی سیلان بۆ زاڵبوون بەسەر هایدیگەردا، بەتەنها تاوانبارکردنی شەخسیی ئەو نییە وەک هاریکاری نازیزم، بەڵکو بەدەستەوەدانی سوبژێکتێکی نوێی بەرەنگارییە دژی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" [نیشتەجێبوونی ئەڵمانی]یە لەڕێگای بەدەستەوەدانی کۆچ و جووڵەی "ئاناباسیس" "هەڵکشان بەرەو سەرەوە و گەڕانەوە". ئاناباسیس جۆرە ڕەوتگرتن و ئاراستەی سوبژێکتە بۆ وەستاندن و دەستێوەردارن: ڕەتکردنەوەی ئایدیالە ئەفسانەیی/کولتوورییەکانی ئەڵمانیبوون و دروستبوونی سوبژێکتێکی پڕ لە جووڵە. ئەمەش لە تەفسیر و خوێندنەوەی بنیامینییانەدا زیاتر دەردەکەوێت کە لە بەشی دواتردا باسی دەکەم.

## ماتریالیزمی مێژوویی-شیعریی سیلان لە ڕێگای بنیامینەوە

والتەر بنیامین یەکێکە لەو بیرمەندە دیارانەی بووەتە دەروازەیەکی گرنگ و ڕادیکاڵ بۆ لێکۆڵینەوە لە جیهانی ئەدەبی و هونەری و پەیوەندیی بە جیهانی ماتریالییەوە. من لەم بەشەدا هەڵوەستە لەسەر ماتریالیزمی مێژوویی بنیامین دەکەم و پاشان پەیوەندیی بە پۆڵ سیلانەوە دەخەمە ڕوو. هەروەها دەبێت ئەوەشمان لە یاد بێت کە سیلان خۆی شیعری بۆ بنیامین نووسیوە.

بنیامین دەنووسێت "خستنەڕووی هەموو مێژوویەک دەبێت لەگەڵ وشیاربوونەوە و بێداربوونەوەوە دەست پێ بکات". "بێداربوونەوە" ئەو ڕووداوەیە کە ڕابردوو بە سەردەمی ئێستاوە دەبەستێتەوە. بۆیە ***پاساژەکانی پاریس*** و دانانی لە لایەن بنیامینەوە وەک کاری مێژوونووسیی ماتریالیستی، هەر لەبەر ئەمەش دەڵێت کە مێژوونووسیی ماتریالیستی: "بێداربوونەوەیە لە سەدەی نۆزدە". بنیامین لەم کتێبەشدا پشت بە مۆنتاژ و وێنە دیالەکتیکییەکان دەبەستێت تا بونیادی مێژوونووسیی ماتریالیستی خۆی دابمەزرێنێت. بێ هۆ نییە کە نامیلکە شیعرناسییەکەی سیلان بەناوی ***مێریدیان***، جۆرێکە لە پیشاندانی مێژوویی و ئامادەیی مێژوویی لە هەمان مانای بنیامینی وشەکەدا. بۆیە سەرەتا پێویستە ماتریالیزمی مێژوویی بنیامین بناسین ئەوسا وردتر تێدەگەین مەبەستی سیلان و پەیوەندیی بە ماتریالیزمی مێژووییەوە چییە.

### یەک: ماتریالیزمی مێژوویی

"مارکس دەڵێت: شۆڕشەکان بزوێنەری مێژووی جیهانن. بەڵام لەوانەیە ئەمە بە شێوەیەکی دیکە بێت. پێدەچێت شۆڕشەکان ڕاکێشانی برێکی لەناکاوی قیتارەکە بێت لە

لایەن سـەرنشـینانی قیتارەکەوە – واتا ڕەگەزی مرۆیی"[7]. ئەم ئیقتیباسـەی بنیامین ڕاسـتەوخۆ ئاماژەیە بۆ شـۆڕش وەک دژی ئایدیای پێشـکەوتن. ئەو بیرۆکەیەی هەر لە لیبرالیزمەوە تا سۆسیال دیموکراسی و تا مارکسیزمی عەوامانەی ئەنتەرناسیۆنالی دوو باوەڕیان پێی هەبوو، بەتایبەت مارکسیستە حەتمیگەراکانی وەک ئەنتەرناسیۆنالی دوو لەو بڕوایەدا بوون گەشـەسـەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکـان خۆبەخۆ دەبێتە هۆی سـەرهەڵدانی سۆسیالیزم، بەڵام پێشبینیی مەترسییەکانی ئەم پێشکەوتنەیان نەکردبوو کە دەتوانێت شارستانێتیی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەرەو هەڵدێرەکانی خۆی ببێت و تاوان و کارەسـات و وێرانە بەسـەر وێرانەدا کەڵەکە بکات. هەر لە ئاوشـڤیتز و هۆلۆکۆسـت و دوو جەنگیی جیهانییەوە تا کارەسـاتی گەورەی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسـەر ناکازاگی و هیرۆشـیما. تەنها ماتریالیزمی مێژوویی توانای پێشـبینیکردنی ئەم کارەساتانەی هەیە و بە شێوەیەکی دروستیش ئاگادارمان دەکاتەوە. مێژووی ئەم چەند ساڵەش ئەمەی پشتڕاست کردۆتەوە.

کرۆکی تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژوو بریتییە لە "ماتریالیزمی مێژوویی"، کە بنیامین بە بەردەوامی لە تیۆری مێژوونووسـییە ماتریالیسـتییەکەیدا بەکاری دەهێنێت[8]. لە تێزی یەکەمدا بنیامین باس لە بووکەڵەیەک دەکات و دەڵێت: "ئەو بووکەڵەیەی پێی دەگوترێت "ماتریالیزمی مێژوویی" وادانراوە دەبێت هەمیشە براوە بێت. ئەو ئیتر بەئاسانی دەتوانێت دژی هەر نەیارێک ڕابێت و بیبەزێنێت". بەڵام بە مەرجێک ئەگەر "بتوانێت خزمەتەکانی تیۆلۆژیا بەکار بهێنێت، هەر ئەو تیۆلۆژیایەی وەک هەمووان دەزانن بچووک و قرێژ بووە و چیتر ناتوانێت ڕووی خۆی دەربخات". یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت ئایدیای تیۆلۆژی لە مێژوونووسـیی مارکسـیسـتیدا بەکار بهێنرێت؟ لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە بە وردەکارییەوە لەسـەر ئەم پرسـە بووەسـتم بەڵام پاشـان دەگەڕێمەوە سەری.

ڕووداوەکان بە هەموو چەشنەکانییەوە بە تێپەڕینی کات بە بەردەوامی کەڵەکە کراون و پاشـان وەک ڕووداوی گرنگ و ڕووداوی ناگرنگیش پۆلێندبەند کراون. ئەوەی بۆ مێژوونووس یەکلاکەرەوەیە ئەوەیە کە ڕووداوی مێژوویی چ کاریگەرییەکی لەسـەر هەلومەرجی ئێسـتا هەیە. مێژوونووسـی سـەرکەوتووان و براوەکان، ئەوانەی بە وریاییەوە دەزانن ڕابردوو لە بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دووبارە ڕاڤە بکەنەوە، بنیامین لە تێزی چوارەمدا بەم جۆرە دەریدەبڕێت: "هەروەک گوڵەکـان ڕوویـان بەرەو خۆر وەردەچەرخێنن، ئەوەی تـا ئێسـتـاش هەبووە بە یـارمەتیی جۆرێکی نهێنیی ڕۆشنەپێکهاتنـەوە هەوڵ دەدات ***بەرەو*** ئەو خۆرە وەربچەرخێت کە لە ئاسمانی مێژوودا

[7]Walter Benjamin: Marx sagt. Manuskripte – Entwürfe und Fassungen. In: Walter Benjamin: Über den Begriff der Geschichte. Christoph Gödde, Henri Lonitz (Hrsg.), Walter Benjamin Archiv, Suhrkamp, Berlin 2010, S. 153.

[8]Walter Benjamin: Über den Begriff der Geschichte. Christoph Gödde, Henri Lonitz (Hrsg.), Walter Benjamin Archiv, Suhrkamp, Berlin 2010, S. 93.

دەدرەوشێتەوە". لە هەمان کاتدا بنیامین باس لەوە دەکات کە ئەو مێژوونووسەی خۆی خستووەتە باوەشی ڕێبازی مارکسیستییەوە لە خەباتی چینایەتی تێدەگات و هەمیشە براوەی ئەم جۆرە مێژوونووسییەیە. بۆیە لە تێزی پێنجەمدا زۆر بەڕوونی دەریدەبڕێت، کە: "وێنەی ڕاستەقینەی ڕابردوو ***بە شێوەیەکی توند و خێرا (و ویزەویز)*** تێدەپەڕێت. تەنها دەکرێت وەک وێنەیەک ڕابردوو بگرین کە تیایدا ئەو ساتەکەی دەناسینەوە، دەدرەوشێتەوە و لەوە بەدوا بەخێرایی دەڕوات و نابینرێتەوە. "حەقیقەت هەرگیز لە چنگی ئێمە ڕاناکات" – ئەمەش کە دراوەتە پاڵ گۆتفرید کیلەرەوە هەمان ئەو شوێنە داگیر دەکات کە تیایدا ماتریالیزمی مێژوویی خۆی لە وێنەی مێژووگەرایی بۆ مێژوو جیا دەکاتەوە و دادەبڕێت. هەر وێنەیەکی ڕابردوو بۆ ئەبەد دەڕوات و بزر دەبێت ئەگەر لە لایەن زەمەنی ئێستاوە وەک یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆ نەناسرێتەوە و دانی پێدا نەنرێت".

وێنەی ڕابردوو کە ئێستا مێژوونووسانی قوتابخانەی مێژووگەرایی باسی دەکەن و پیشانمانی دەدەن، وێنەی چینی حاکمان و سەرکەوتووانە، کە وەک بنیامین بە زمانێکی شیعری دەڵێت: "لە ساتی سەرکەوتنی دوژمندا، تەنانەت مردووانیش لە ئەماندا نابن. ئەم دوژمنەش تا ئێستا جگە لە سەرکەوتووان کەسی دیکە نییە و دوژمنە تا ئێستا بەردەوامە لە سەرکەوتنی خۆی". لەبەرئەوە، مێژوونووسیی سەرکەوتووان، بەگوێرەی دیدگای مارکسیستی بریتییە لە چینی باڵادەست، کە ئیتر مێژوونووسییەکی نوێ جێگای دەگرێتەوە: ماتریالیزمی مێژوویی. ئەم ڕەوتە نوێیە هەوڵدەدات ڕابردوو بە زەمەنی ئێستاوە ببەستێتەوە نەک وەک بابەتێکی مێژوویی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، بەڵکوو بۆ ڕزگارکردنی ڕابردووی تەواونەکراو لەپێناوی بونیادنانی داهاتوودا، چونکە تا ڕابردووی ستەملێکراو ڕزگار نەکەین، ناتوانین داهاتووی مرۆیی بونیاد بنێین. لەبەرئەوە ئیشی ماتریالیستی مێژوویی، بریتییە لە دابڕانی مێژوویی، چونکە مێژوونووسیی ماتریالیست مێژوو وەک ڕەوتێکی بەردەوامی ڕوولەسەر نابینێت، کە هەمیشە لە بەرژەوەندیی چینە باڵادەستەکان و دوژمنانی چینی کرێکاردا بەکار دەهێنرێت، بەڵکوو ئیتر مێژوو لە خوارەوە دەنووسرێتەوە، کە بریتییە لە نەریتی ستەملێکراوان. مێژوو هیچ کاتێک ڕەوتێکی ئارامی نەبڕیوە، هەمیشە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا ئەم بەردەوامێتییەیان وەستاندووە و گرفتیان بۆ دروست کردووە.

## دوو: مێژوونووسیی شیعریی پۆڵ سیلان

وێنەی دیالەکتیکیی بنیامین بووەتە دەروازەیەک بۆ شیعری کریستاڵی هەناسەدانی سیلان. کریستاڵەکانی هەناسەدان بریتییە لە وێرانبوونی هەناسەدان، نیشانەیەکی "لەهەناسەکەوتنی نەخۆش" کە پێناسەی چارەنووسی مرۆیی دەکات لەنێو سیاقی مێژووی جیهانیدا. نەخۆشی و نیشانەی نەخۆشیی کریستاڵی هەناسەدان لە ژوورەکانی گازی کەمپەکانی قڕکردنی جووەکاندا بەکارهێنراوە. "کریستاڵی هەناسەدان، بریتییە لە

کریستاڵی مەرگ، نیشانەی دوایین ساتی هەناسەدان". لەگەڵ ئەوەی پێم وایە کریستاڵی هەناسەدان بریتییە لە نیشانەی دوایین ساتی هەناسەدان، بەڵام بۆ دانانی کریستاڵی هەناسەدان تەنها وەک شتێکی ڕووت کە لە لایەن هێزە مێژووییە دەرەکییەکانەوە دیاری کراوە، ئەوا لە هەمان کاتدا دەکرێت دامەزراندنەوەی لە ئینسانیخراوی مەرگێکی نەناسراو بێت. لە مەرگدا، تاک لە هەناسەدان دەکەوێت، کە لە ژیاندا، بریتی بوو لە درزێک دەبوو بەسەریدا باز بدات. و بۆیە، مەرگ بریتییە لە ئاوێتەبوون لەگەڵ نیشانەی هەناسەدانی کەسێک: مانا و ئاراستەی ژیان. ئەگەرچی ئەمە بریتییە لە نیشانەیەکی مەرگ، بەڵام شتێکی ئومێدبەخشانە لە وێنەی کریستاڵی هەناسەداندا هەیە. لە شیعری "گەندەڵبوون/وێرانبوون"دا سیلان کریستاڵی هەناسەدان بەم جۆرە وەسف دەکات:

قووڵ
لە هەڵکۆڵینی زەمەندا
لە لایەن
سەهۆڵی هەڵکۆڵراوەوە
لەچاوەڕوانیدایە، بۆ
کریستاڵێکی هەناسەدان،
شایەتی نەگەڕاوەی
تۆ.

بە مانایەک، کریستاڵێکی هەناسەدان، بریتییە لە ڕێگایەکی نامۆبووی دەربڕینی ئێمە "لێرە بووین" – بەتەواوی کراوە بەڕووی زماندا، جیهان، و بەشداریکردن لە ژیانی خۆماندا. بەڵام، ئەمە دەربڕینێکی تاقانەیە کە ئێمە فڕێ دەداتە بەردەم خۆمانەوە، ئەو کاتەش دەمێنێتەوە کە چیتر زمان، جیهانمان نەماوە، یاخود بوونمان مسۆگەر نییە بمێنێتەوە. ئەگەرچی ئەمە ناتوانێت مێژوو لە بەردەوامیی خۆی بخات، بەڵام دوژمنایەتیی لەگەڵ پیشاندانی ئاراستەیەکدا هەیە کە جیهان بەرەو هەڵدێر دەبات.
شیعرەکانی پاوڵ سیلان فۆرمێکی بیرکردنەوە دەخاتە بەردەستمان کە لە مارکسیزمی بنیامینەوە سەری هەڵداوە. ئەم فۆرمە خستنەڕووی مێژووە، مێژوونووسییەکی شیعری کە شوێنپێی لە پرۆسەی بێداربوونەوەدا هەیە کە بریتییە لە سوبژێکتی شۆڕشگێڕی. ڕەخنەی بنیامین لە مێژووگەراییی هایدیگەر و مێژووگەراییی بەگشتی کە لە "تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژوو"دا هاتوون، دەبێتە دەروازەیەک بۆ سیلان تا نەک سیاسەتی بەخشین، بەڵکوو سیاسەتی ڕزگاریی بگرێتەبەر. ئامانجی بنیامین لە نیگای ڕەخنەییی خۆیدا لە کارەساتی پێشکەوتنی مێژوویی کە دەیویست فۆرمی ماتریالیزمی مێژوویی وێران بکات، دووبارە لە لایەن مێژوونووسیی ماتریالیستییەوە زیندوو کراوەتەوە و بووەتە دەروازەیەک بۆ مێژوونووسیی شیعری لای سیلان. لە ڕێگای لەناوبردن و

وەستاندنی جووڵەی بەردەوامی پێشکەوتنی مێژووییدا، بنیامین دەیویست ئەم ڕەوتەی بەرەو کارەسات و فاشیزم هەنگاوی ناوە بوەستێنێت کە پاشان بووە هۆی ئاوشڤیتز و کارەساتی سەدەی بیست. ئەگەر سەیری شیعرەکانی سیلان بکەین پڕیەتی لە وێنەی ڕابردوو، ڕابردوو نەک وەک نۆستالژیا، بەڵکوو وەک ڕابردووی سەرکوتکراو، بۆ سیلان، قڕکردنی جووەکان وێنەیەکی ڕابردووە کە بووەتە مۆرکێک بە ناوچەوانی سەدەی بیستەوە و هایدیگەر ستایشکاری بوو، بۆیە ناکرێت سیلان لە سەردانەکەیدا لە هایدیگەر، خۆش بووبێت.

پاشان سیلان بەڕاشکاوی لەگەڵ بنیامیندا یەک دەگرێت، ڕزگارکردنی ڕابردوو، بۆ دامەزراندنی داهاتوو، بریتییە لە خەباتی چینایەتی. بۆیە چەمکە بنچینەییەکانی خودی مارکسیش دێنە ناو شیعر و خەباتی سیلانەوە. بێ هۆ نییە کە کەسێکی وەک شانۆن هایسی لێکۆڵەری سیلان دەڵێت: شیعری سیلان بریتییە لە شۆڕش لە مانا و ئاراستەی بووندا. ئەمەش بەقووڵی بەستراوەتەوە بە خەباتی چینایەتییەوە. تەنها ئەگەرێک بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەسات، بریتییە لە گەیشتن بە کۆمەڵگای بێچین. لێرەشدا پەیوەندیی سیلان و بنیامین بەتەواوی ڕۆشن دەبێتەوە.

## سەرچاوەکان

Benjamin, B. The Arcades Project. Translated by Rolf Tiedemman. Cambridge: Belknap Press, 1999.

Benjamin, B. The Correspondence of Walter Benjamin, 1910–1940. Edited by Theodor Adorno andGershom Scholem. Chicago, IL: Chicago University Press, 1994.

Benjamin, B. Illuminations. Edited by Hannah Arendt. New York: Schocken Books, 2007.

Benjamin, B. The Origin of German Tragic Drama. Translated by John Osbourne. New York: Verso,2009.

Walter Benjamin: Marx sagt. Manuskripte – Entwürfe und Fassungen. In: Walter Benjamin: Über den Begriff der Geschichte. Christoph Gödde, Henri Lonitz (Hrsg.), Walter Benjamin Archiv, Suhrkamp, Berlin 2010, S. 153.

Walter Benjamin: Über den Begriff der Geschichte. Christoph Gödde, Henri Lonitz (Hrsg.), Walter Benjamin Archiv, Suhrkamp, Berlin 2010, S. 93.

Coetzee, J. M. 2001. "In the Midst of Losses." New York Review of Books, July 5. http://www.nybooks.com/articles/archives/2001/jul/05/in-the-midst-of-losses/.

Derrida, Jacques. 2005. Sovereignties in Question: The Poetics of Paul Celan. Translated byThomas Dutoit, Outi Pasanen, Philippe Romanski and Joshua Wilner. Edited by ThomasDutoit and Outi Pasanen. New York: Fordham University Press.

Alain Badiou, The Century, trans. By Alrberto Tsocano, Polity, 2007.

Celan, P. Breathturn Into Timestead: The Collected Later Poetry of Paul Celan. Translated by PierreJoris. New York: FSG, 2015.

Celan, P. The Meridian. Translated by Pierre Joris. Stanford, CA: Stanford University Press, 2007.

Celan, P. Selected Poems and Prose of Paul Celan. Translated by John Felstiner. New York: W.W.Norton, 2001.

Derrida, J. Specters of Marx: The State of Debt, the Work of Mourning, and the New International.Translated by Peggy Kamuf. New York: Routledge, 1994.